# خودا نەوەد ونۆ ناوی هەیە، هەرکەسێک لەبەریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، وخودا تاکە وتاکی خۆشدەوێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خودا نەوەد ونۆ ناوی هەیە، هەرکەسێک لەبەریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، وخودا تاکە (ویترە) وتاکی خۆشدەوێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خودای گەورە نەوەد ونۆ ناوی هەیە هەرکەسێک لەبەریان بکات؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، ووتراوە: مانای لەبەرکردن ئەوەیش دەگرێتەوە کە باوەڕی بەم ناوانە هەبێت وکردەوە بە ئاماژەکانی ئەم ناوانە بکات، وگوێڕایەڵ بێت بە پێی ئاماژەی هەرناوێک لەم ناوە پیرۆزانە، ونزا بکات بە وتنەی ئەم ناوە مەزنانە، ولەم فەرمووده ئاماژە بەوە کراوە کە نەوەد ونۆ ناو هەیە لە وقورئان وسونەتدا بە دەق هاتووە، مانای ئەوە نییە خودا ناوی تری نییە جگە لەم ژمارەیەی کە باسکراوە بەڵکو ئەم ناوانە باسکراوە چونکە بەناوبانگترین ناون و واتاکانیان ڕوونن، وئەمیش وەکو بۆ نمونە ووتنی: زەید سەید درهەمی داناوە بۆ خێرکردن، مانای ئەوە نییە کە درهەمی تری نییە جگە لەو بڕەیە، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەوەندەی داناوە بۆ خێرکردن، وبەڵگەش بۆ ئەم شیکردنەوەیە فەرموودەی ئیبن مەسعودە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: ( «أسألك بكل اسم هو لك، سميت به نفسك، أو أنزلته في كتابك، أو علمته أحدا من خلقك، أو استأثرت به في علم الغيب عندك») واتە: (داوات لێدەکەم بە هەمو ناوێکت، کە ناوت لە زاتی مەزنی خۆت ناوە، یان لە کتێبەکەتدا داتبەزاندووە، یان فێری یەکێک لە بوونەوەرەکانت کردووە، یان لە زانستی غەیبدا -نەبینراودا- لای خۆت پاراستووتە)، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودا هەندێک ناوی هەیە لە کتێبەکەیدا دابەزاندووە ولای خۆیەتی وبوونەوەرەکان نایزانن. هەروەها -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (وخودا تاکە -ویترە-): واتا خودا تاکە وهیچ هاوەڵ وشەریکێکی نییە. (وتاکی خۆشدەوێت): واتا فەزڵی بە تاک بەخشیووە چونکە خۆشی دەوێت بۆیە زۆربەی پەرستنەکان ودروستکراوەکان تاکن بۆ نمونە پێنج نوێژی فەرز، وحەوت جار تەواف کردن بە دەوری کەعبەدا، وزۆر کردەوە هەیە کە سونەتە سێ جار ئەنجامبدرێت، ودروستکردنی حەوت ئاسمان وحەوت زەوی وڕۆژەکانی هەفتە حەوتن وجگە لەمانەش.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10416